گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دەقی شانۆی ژنانە لەناو شانۆی کوردیدا

**هاوناز حسێن اسماعیل احمد**

بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان

hawnazhussein91@gmail.com

**پ.ی.د. کیفی احمد عبدالقادر**

بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان

Kaify.ahmad@koyauniversity.org

## پوختە

ئەو بارودۆخەی کەوا ژن لە سەدەکانی کۆن و شارستانییەتەکانی ڕابردوودا تیایدا ژیاوە لەلای کەس شاراوە نییە، کە پڕبووە لە مەینەتی و دەردەسەری. هەمیشە ژن ڕووبەڕووی گەلێك کێشەو گرفت بۆنەتەوە، هەروەها شانۆی ژنانە، کاریگەری لەسەر ئەفراندن و بەرهەمهێنانی بیری مرۆڤ هەیە، لەدوای ساڵانی حەفتاکان کۆمەڵێك ژن ڕۆڵێکی بەرچاویان لەناو نووسینی بابەتی ئەدەبیدا هەبووە، کە لەسەرەتادا ژنان لە هەموو ماف و ئەرکێك بێبەش بوونە. جیاوازی  نووسینی دەقی شانۆی ژنان و پیاوانە، ئەگەر سەیربکەین، زۆربەی دەقە شانۆییەکان بە تایبەتی لە کوردستان، بەشێوەیەکی گشتی شانۆیەکی پیاوانەیە. لەناو شانۆدا هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە پیاو پێشەنگ بووە، لە نووسین، لە دەرهێنان، لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی و هەر لەسەر دەستی ئەو  بووە، بۆیە کەمتر بەلای کێشە و ئێش و ئازار و میەنەتی و بیروبۆچونەکانی ژناندا چووە، کە گوزارشت بێت لە ژن و ناخی ژن، لێکۆڵینەوەکە لەژێر ناوی " دەقی شانۆی ژنانە لەناو شانۆی کوردیدا " لە پێشەکی و دووبەش و ئەنجام پێکدێت، کە هەر بەشەی لە چەند بەندێك پێکدێت.

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٠/٥

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١١/٢٠

بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان:**

Women, Womanly, Feminist, Women's Theater, Women's Writing.

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.8.4.3

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پێشەکی :**

ژنان لەناو کۆمەڵگا جیاوازەکاندا بە درێژایی مێژوو تووشی ستەمی کۆمەڵگا و پەراوێزخستن بوونەتەوە، هەر ئەمەش وایکردووە، ژنان هەنگاو بۆ داواکردنی مافەکانیان بنێن. لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا چەندین نووسەر توانیویانە بەرگری لەمافی ژندا بکەن، هەموو ئەو ستەم و نادادییە پیشانی کۆمەڵگابدەن. نووسین لەسەر هەر بابەتێکی ئەدەبی بێت ڕۆڵێکی گرنگی گێراوە لە بەرەوپێشەوەچوونی بیری مرۆڤایەتی و، ڕۆڵێکی کاریگەریی گێراوە لەناو بواری ئەدەبدا. هەموو دەقێکی شانۆیی، کە لەلایان نووسەرانەوە دەنووسرێ هەڵگری پەیامێکی جیاوازە بووە.

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە(دەقی شانۆی ژنانە لەناو شانۆی کوردیدا) هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی لایەنەکانی نووسینی شانۆی ژنانە لەئەدەبی کوردیدا. هەڵبژاردنی ناونیشانەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی کوردیدا پشکی زۆر کەمی بەرکەوتووە، لەناو ئەدەبی کوردیدا زیاتر باس لە دەقی شعر و هونەرەکانی پەخشان و ڕۆمان و چیرۆك کراوە، لەبەر ئەوەی ئەو بابەتە وەکو پێویست نەخراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە بەتایبەت (نوسینی ژنانە)لەناو ئەدەبی کوردیدا جێگەی خاڵییە.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:** لەم لێکۆڵینەوەدا پەیرەوی ڕێبازی (میتۆدی ڕەخنەی فیمینیزم)مان کردۆتە بنەما، چونکە ڕێبازێکی گونجاوە بۆ سروشتی لێکۆڵینەوەکەمان.

**کێشەی لێکۆڵینەوەکە:** ئایا شتێك هەیە بەناوی دەقی شانۆی ژنانە لەنێو شانۆی کوردیدا؟ ئایا دەقی شانۆی ژنانە تایبەتە بە ژنان یان پیاوانیش ئەو جۆرە دەقانە دەنوسن؟ مەبەست لەدەقی شانۆی ژنانە چییە؟ ئەوانە کۆمەڵێك کێشەن، کە لە لێکۆڵینەوەکەماندا دەمانەوێت ساغیان بکەینەوە.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە:** لەڕووی جۆری ئەدەبییە، تەنها باس لە دەقی شانۆیی دەکەین، لەنێویشیاندا ئەو دەقانەی، کە باس لە ئێش و ئازار و کێشەی ژنانی کورد دەکەن، لەڕووی نووسەریشەوە باسمان لە نووسەری ژن و پیاو کردووە، تاوەکو بیسەلمێنین، مەرج نییە شانۆی ژنانە نووسەرەکەی ژن بێت، بەڵکو مەبەست لە ناوەرۆکە، نەك کەسی نوسەر.

**پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەش ئەنجام و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی عەرەبی پێکدێت. بەم شێوەیەی خوارەوە کورتمان کردۆتەوە. لە بەندی یەکەم تێروانینی هەندێك کۆمەڵگا سەبارەت بە ژن، بەندی دووەم سیمای دەق و نووسینی ژنانە، بەندی سێیەم مێژووی سەرهەڵدانی شانۆیی ژنانە لەناو ئەدەبی کوردیدا. لە بەشی دووەمدا سێ بەند لەخۆدەگرێت، بەندی یەکەم جیاوازی دەقی ژنانە لەگەڵ دەقی پیاوانە لە ئەدەبی کوردیدا، بەندی دووەم سەرچاوەی دەقی ژنانە لە ئەدەبی کوردیدا چییە، بەندی سێیەم هۆکار و پاڵنەری هاتنەکایەی دەقی ژنانە.

## بەشی یەکەم:

### بەندی یەکەم: تێڕوانینی کۆمەڵگا بەرامبەر بە ژنان:

ژن لە کۆمەڵگای یۆناندا، یۆنان یەکێکە لە شارستانییەتی کۆنەکان، پشکێکی زۆری هەیە لە بەرەوپێش بردنی زانست و تەکنەلۆژیای ژیانی ئەمڕۆ، بە تایبەت کۆمەڵگای ڕۆژئاوا زۆر شانازی پێوەدەکەن، بەڵام لەنێو شارستانییەتی یۆناندا، ژنان بە چاوێکی نزم سەیرکراون، "چونکە ژنان هیچ مافێکیان نەبووە، بەڵکو بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی پیاواندا بوون و بەردەوام لەنێو دڵەڕاوکێدا دەژیان و چارەنووسیان نادیاربووە"(عبدالخالق، ٢٠٠٨، ٢٠). هەروەها یۆنان "هەر لە سەردەمی دروستبوونیەوە تا ئەمڕۆ، یۆنان هەر نموونەی پێشکەوتن و زانست و زانیاری بووە، کەچی بەداخەوە وڵاتێکی ئاوا، کە قوتابخانەی هەزاران فەلسەفە و تیۆری بەرز بەرزە، کەچی بەرانبەر بە ئافرەت زۆر بێبەزەییانە رفتاریان نواندوە" (بەیاد، ٢٠١٣، ١٣). لە یۆناندا ژنان لە ماف و ئەرك بێبەشبووینە، هەروەها فەیلەسوفەکانی ئەو سەردەمە بیروبۆچوونەکانیان دژ بە ژنان بوو. هەمیشە لایەنگری پیاوبوونە، لەگەڵ ئەوەی ژن بەشێوەیەکی گشتی لاوازترە لە پیاو، بەڵام ئەو جیاوازییە، جیاوازی لە ماهییەت نییە، (المنیاوی، ٢٠١٠، ١٤١). کۆمەڵگای یۆنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و ڕۆشنبیر بووە، چەند فەیلەسوفێکی بە توانا لەو سەردەمەدا دەرکەوتوون، ڕۆڵێکی کاریگەریان بەسەر ژناندا هەبووە، چ بە ئەرێنی بێ یان بە نەرێنی باسی ژنیان کردووە، هەروەها سوکرات دەڵێت: " سوپاس بۆ خوا منی بە یۆنانی خوڵقاند، نەك بەربەری، بە ئازاد نەك کۆیلە، بە پیاو نەك ژن ( عەبدوڵلا، ٢٠١٨، ٣٦ ) ئەفلاتوون بە شێوەیەکی خراپ باسی لە ژن کردووە، تەنانەت " لە نێو وتووێژی کۆماریشیدا وەکو ژن باسی لێوە ناکات، تەنها بە سووکییەوە نەبێت، لەگەڵ ئاژەڵ پۆلێنی دەکات، دواتر دیخاتە ڕیزی ناو ئەو شتانەی دەکرێ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خاوەنداریەتیان بکرێن" (ئیمام، ٢٠٠٧، ١٥٢). ئەفلاتوون سەبارەت بە ژن گەڵێك بۆچوونی جیاوازی هەیە، هەندێك کات پشتگیری ژنی کردووە، هەندێك کاتیش دژی وەستاوەتەوە، ئەفلاتوون بەپێی چەند سەرچاوەیەك بە یەکەم کەسیان داناوە، کە داوای ئازادی ژنی کردووە. ئەفلاتوون رقی لە ژن نەبووە، بەڵکو رقی لە بەدڕەوشتی بووە. لەم بارەوە ئەهوانی دەڵێت: "ئەفلاتوون یەکەم کەس بووە لە مێژوودا، کە بانگەشەی ئازادی ئافرەتی کردووە، لە سەر بنچینەیەکی فەلسەفی لە سروشتی مرۆیدا" (الاهوانی، ١٩٩١، ١٣٨).

ئەرستۆ، یەکێکە لە فەیلەسوف و بیرمەندی یۆنانی بە شێوەیەکی نەرێنی باسی ژنی کردووە، لە بارەی ئەرستۆوە جۆن لۆك دەڵێت" سروشتییە پیاو فرمان دەربکات و ژنەکەش ملکەچی بێت، لە بەرئەوەی ڕەگەزی نێر لە مێیینە باشترە، بۆ سەرکردایەتی کردن، کەواتە دەستەڵاتدارێتی پیاو بەسەر ئافرەتدا مەسەلەیەکی زۆر سروشتییە" (ئیمام، ٢٠٠٤، ٣٧). ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەوەیە، کە پیاو بەشێوەیەکی گشتی بە بەراوەرد بە ژن دەستەڵاتی زیاترە، بەڵام دەکرێت بڵێین، کە هەموو کات ئەرستۆ بیروبۆچوونەکانی بەرانبەر بە ژن نەرێنی نەبووە، هەندێك جار بەشێوەیەکی ئەرێنی باسی لە ژن کردووە، هەروەها ئەو وێنەیەی، کە ئەرستۆ بۆ ژنی کێشاوە، زۆر بایەخدار خۆی خزاندوتە ناو ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی، بە شێوەیەکی گشتی لە بابەت ژنەوە بووە بە ڕێنیشاندەر (امام، ١٩٩٦، 7). هەریەك لە سۆقرات، ئەفلاتوون، ئەرستۆ، لەگەڵ (لۆك)دا یەك دەگرنەوە، کە دەڵێین: "سروشت جیاوازی نێوان ژن و پیاوی دروستکردووە و پیاوی کردۆتە باڵادەست، نەوك عورف و داب و نەریت وەکو ئەوەی سۆفیستەکان پێیان وابوو" (ئیمام، ٢٠٠٤، ٧٦). ئەمانە سروشت بە هۆکاری جیاوازییەکان دادەنێن.

ژن لە یۆنانی کۆندا لە کاڵا بێ نرخەکان دەژمێردرا، لە بازارەکان دەکڕدرا و دەفرۆشرا، هەندێك جاریش بە پیسترین کارەکانی شەیتان ناو دەبردرا، کەواتە یۆنانییەکان بە جۆرێك سەیری ژنیان کردووە، وەکو ئەوەی تەنها بۆ منداڵبوون و کاری ناوماڵ و هەرگیز بە شێوەیەکی ڕێز و شکۆ سەیری ژنیان نەکردووە، لە کۆمەڵگای یۆنانیدا، هەموو ئەو خەمخۆرییەی، کە پێویستی پێی بوو تێدا ئەنجامدەدا و ئەویش لە کلتوور بێبەش بووە و سوکایەتییەکی زۆری پێدەکرا(السباعی، ٢٠١٠، ١١).

ژن لە کۆمەڵگای ڕۆمانییەکاندا، ژن بە جۆرێك بوون، کە لە زۆر مافی بەڕێوەبردن و کاروبارە گشتییەکان بێبەشکرابوون زۆربەی کارەکان بەدەست پیاوەوە بوو، بۆ زۆربەی پێویستییەکان دەبوایە ژن ملکەچی پیاوەکەی بێت، " لە دەستوورەکانی ڕۆمانی، ئافرەت تەنها شوێن کەوتەی پیاوان بووە و،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەك یەكێكی كەمئەندام تەمشادەكرا، هیچ جۆرە مافێكی نەبوو. لەكاتی بەشوودانیدا، ئەو گرێبەندیەی دەكرا لەنێوان پیاو و ژن ناوی(پەیمان سالاری) بوو، واتە پیاوەكە گەورە و دەستەڵاتدارە بەتەنها " (خلیل، ١٩٩٨، ٣٧). بڕوایان وابوو، ژنان هۆكارن بۆ فەساد و بەدڕەوشتی، چونكە شەیتان ژن بۆ پیسكردن و فەسادی دڵەكان بەكادەهێنێ، كەواتە ژنان لە زۆر ڕوانگەوە بە شێوەیەكی خراپ سەیركراون، هەروەها ڕۆمانییەكان دژی منداڵبوون بوون، چونكە پێیان وابوو ژن جەستەی پیسە و پاك نییە، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بدەین، كە ژن لەناو كۆمەڵگای ڕۆمانیدا بە دەست زیانەكانی جیاكردنەوەی توندی ڕەگەزەكانەوە نەبووە، كە لە سەردەمی كلاسیكیی كۆمەڵگای یۆنانیدا هەبوو، (امام، ١٩٩٦، ٢٠). هەروەها لە كۆمەڵگای رۆمانی "ژنەكان بەگوێرەی ڕۆمانەكان بە ئاژەڵێكی ناپاك دادەنران، لە دونیادا نەدەچووە ناو پەرستگاكانەوە، لە قیامەتیشدا لە بەهەشت بێبەش دەبوو" (بورجلە، ٢٠١٧، ٩٨). لەناو كۆمەڵگای ڕۆماندا ژنان بە شێوەیەك بوون، كە هەندێك مافیان هەبوو، بەڵام ئەمە بۆ هەموو كات بەم شێوەیە نەبوو. بەشێوەیەكی ڕێژەیی نەبوو، كە هەموو لایەنەكان بگرێتەوە.

ژن لە كۆمەڵگای زەردەشتیدا، ئەوەی مێژوو لەسەر زەردەشتییەكان دەریدەخات، ئەوەیە، كە شارستانی زەردەشتی سەبارەت بە هاوسەرگیری پێیانوابووە، ئەوەی هاوسەرداره وێنەیەكی پیرۆزی مرۆڤایەتییە، هەر بۆیەش زەردەشت هانی گەنجانی دەدا، كە زوو ژنبهێنن و شوبكەن، چونكە لە ئایینی زەردەشتیدا ئەو پیاوەی ژنی هەیە، بەرز و چاكترە لەو پیاوەی ژنی نییە، ئەو پیاوەی بژێوی خێزانێك دەكات چاكترە لەوەی خێزانی نییە، (عباس، ١٩٨٧، ٢٧٧). كەواتە دەكرێت بڵێین: ئایینی زەردەشتی" ئایینێك بوو، كە پیرۆزی خێزانیی لەلابوو، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕێزداركردنی خودی ئافرەتە،" (عبدولمجید، ٢٠٢١، ١٠٥). هەروەها ئەم ئایینە هانی مێینەی داوە، كە داوێنپاك بێت و خۆی لە فەساد و خراپە بەدووربگرێت، سەرزنیشتی ژنی داوێنپیسی دەكرد، هەروەها فرەژنی ڕێگاپێدراو بوو، بەڵام بەپێی یاساو دەستوور، بە جۆرێك بێت، كە نەبێتە هۆی بێزاری و نادادپەروەری لەنێوانیاندا لە ئایینی زەردەشتیدا پیاو لە دیاریكردن و هەڵبژاردنی هاوسەرەكەدا سەربەست و ئازادبووە، ژنیش لە وەرگرتن یان ڕەتكردنەوەی ئەو هاوسەرێتیەدا ئازادبووە، واتا لەڕووی كرداریەوە، ژن لە دیاریكردنی هاوسەری ژیانیدا سەربەستبووە (الرباتي، ٢٠٠٩، ٢٥). دوای ئەوەی هەردوو ڕەگەز بریاری هاوسەرگیریان دەدا، ئەمەش لە ڕێگای چەند مەرجێك بوو، بە جۆرێك چەندین پەیمان لە نێوانیان دەبەسترا.

ژنان لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا، ژنان کۆمەڵێك مافیان بۆ دەستەبەربوو، کە لە پێش ئیسلام لێی بێبەشبوون. ژنان لەو سەردەمدا مافی خوێندن و خوێندەواریان هەبوو، لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانی ئازاد بوو، بەپێی شەرع مارەدەکرا، سەبارەت بە مافی ئابووری، ژن بەشە میراتی خۆی وەردەگرت، ژنان بۆیان هەبوو، لە دەرەوەیماڵەوە کاربکەن. بەپێی توانای خۆی، بەڵام " نابێت ماڵ و منداڵ لەبیر بکات، ژن بۆ ئەوە ئافرێندراوە، کە ژن بێت، پەروەردەکار و سەرپەرشتکاری نەوەیەکی نوێ بێت" (عبدولمەقسوود، ٢٠١١، ٩٩). کۆمەڵگای مرۆڤایەتی چەندین داب و نەریتی لە خۆگرتووە و، ئەو داب و نەریتانەش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکیتر جیاوازە بەپێی کات و سەردەمەکە گۆرانکاری بەسەردادێت.

کەواتە لە ڕوانگەی ئیسلامدا ژن و پیاو بۆ یەك درووستکراون، هەردووکیان تەواوکەری یەکترن، بە جۆرێك هیچیان پلەو پایە و دەستەڵاتیان بەسەر ئەوەکەیتردا نییە، لە پێش ئیسلام ژنان لە مافی میراتگرتن بێبەش بوون، ئەگەر پیاوێك بمرێت کوڕەکەی میراتی بۆ دەبێت و ئەگەر نەبوو، ئەوا نزیکترینی، وەکو باوك، برایەك، یان مامی باوکی. لە کاتێکدا کچەکانی و ژنەکانی بۆی هەیە میرات بگرێت، بەڵام کە ئیسلام هات ئەو جۆرە ستەمکارییەی نەهێشت، ژنانی تایبەت کرد بۆ پشکی پیاوەکەی (مهنا، ٢٠٠٧، ٣٦). کەواتە ئیسلام لە میراتی مافی ژنی داوە، کە ژن دەتوانێ لە بەشی میراتی باوك و برا و هاوسەر وەربگرێ .

**بەندی دووەم: سیمای دەق و نووسینی شانۆی ژنانی کورد :**

هەموو دەقێکی شانۆیی ئەگەر بەجیا وەربگرین تایبەتمەندی گشتی خۆی هەیە، چونکە دەق لەناو شانۆدا زۆر گرنگە، " گومان لەوەدا نییە، کە کۆڵەگەی هەموو پرۆسەیەکی شانۆیی دەقە.. هیچ پرۆسەیەکی شانۆیش بەبێ بوونی (دەق) مەحاڵە بگاتە ئەنجام.. " (حوسێن، ٢٠٠١، ٤٠). چونکە ئەو نووسەرەی، کە دەقێك دەنووسێت دەبێ بەشێوەیەکی وا بینووسێت، کە بەپێی تێپەربوونی کات لەناو خەڵکدا بمێنێتەوە، " ئەوەی لە پیرۆزی دەقی شانۆییدا بەدی دەکرێت نمایش کردنە، ئەگینا چ جیاوازیەکی لەگەڵ نووسینی چیرۆکێك، یان ڕۆمانێکدا دەبێت، بۆیە دەقی شانۆیی لە هەموو دەقەکانی تری ئەدەب زیندووترە،" (سمۆ، ٢٠٠٧، ٦٨). لەناو ئەدەبی کوردیدا زۆر بەکەمی ئەو دەقانەی،

کە نووسراون نمایشکراون، بەگشتی دەقەکان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە، وەکو دەقە جیهانییەکان نین .

دەبێ نووسەران دەقی وا هەڵبژێرن، کە لەگەڵ هەموو سەردەمێکدا بگونجێت، کە دەڵێین ،سیمای دەقی شانۆی، هەموو دەقێك هەڵگری پەیام و گوتارێکی جیاوازە، نووسەران کاتێك دەقێکی شانۆیی دەنووسن، گوتار یان پەیامێك هەڵدەبژێرێت، کە کاریگەری زەمەنێکی دیاریکراویان لەسەرە، بۆنموونە (مەسەلە نەتەوایەتییەکان) دێنە بەرباس، باسی ئێش و ئازاری میللەتی کورد دەکات، ئەم دەقانەش لەپێش ڕاپەڕین کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین ئەو دەقانە کاریگەرییەکی ئەو تۆیان نەماوە، کە دووبارە باسبکرێنەوە، کەواتە، دەبێت نووسەران ئەم بوارانە بەشێوەیەکی زیرەکانە هەڵبژێرن و وابەستەی تاکە زەمنێك نەبن .. چونکە ئەگەر وابێت، ئەوە دەقێکی داخراو بەرهەم دێت و بواری کارکردن بەڕووی خۆیدا دادەخات و لە کۆتایدا خۆی ڕووبەڕووی مەرگ دەکاتەوە، مردنی خۆی ڕادەگەیێنێت (حوسێن، ٢٠٠١، ٤١). لەبەرئەوەی لە ساڵانی هەشتاکان بۆ نەوەدەکان کاتێك نووسەران دەقێکیان نووسیوە، هەوڵیانداوە زیاتر لەناو شانۆییەکانیاندا پەیامێکی سیاسی و نەتەوایەتییان هەبێت، لەبەرئەوەی پێش ڕاپەڕین خەڵك لەژێر دەستەڵاتی ڕژێمی بەعس دابووە، ئەو کاتە خەڵك بۆ کارکردن ئازادنەبوو، نووسەران لە ڕێی دەقە شانۆییەکانەوە هەوڵیانداوە پەیامی خۆیان بگەیێنن .

نووسینی بابەتە ئەدەبیەکان زۆر گرنگە، بۆیە "هەرگیز ناتوانرێت لایەنی نووسین فەرامۆش بکرێت، دەق گەواهی زیندووە و لە ڕێگایەوە دەرك بە گشت لایەنەکانی نووسەر و مەبەست و سەردەمەکە و هۆکارەکان دەکەین و دەتوانین گەلێك شتی لێوە بخوێنینەوە،" (سمۆ، ٢٠٠٧، ٥٠). چونکە نووسینی نووسەرێك لەگەڵ نووسەرێکیتر جیاوازە، هەندێك لە نووسەران زیاتر هەوڵیانداوە باس لە کێشەو گرفتەکانی ژنان بکەن، کە دەڵێین کێشەی ژنانە واتا کێشەکان زۆرن، کێشەی ژن و مێرد یان کێشەی دایك لەگەڵ کچ یاخود بوك و خەسو، ژن لەگەڵ کۆمەڵگا و سیستەم و داب و نەریت و کلتور و کێشەی ژن لەگەڵ دین و ... هەموو ئەمانە کێشەن، کە ڕووبەڕوی ژنان دەبێتەوە. نووسینی ژنانە مەبەست لێی ئەوەیە، کە لەسەر ژن بێ و باسی کێشەو نەهامتییەکانی ژنان بکات، مەرج نییە نووسەرەکە پیاو یان ژن بێت، زیاتر مەبەست لەوەدایە، کە نووسینەکە باسی کێشەی ژن دەکات، ئەوەیە نووسینی ژنانە، جا ئەو ژنە بۆ خۆی باس لە خۆی دەکات یان پیاوێك خۆی تەرخانکردووە، بۆ ئەم مەسەلەیە باس لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کێشەکانی ژنان دەکات. جا ئەو دەقەی، کە لەسەر ژن دەینووسێت، چ ڕۆڵ و کەسێتی و وەسفێکی پێداوە .

هەر لە وردە نووسینی نێو ماڵەوە تا تێکستی ئەدەبی و ئەکادیمی ژنان دید و چەمکی خۆیان بۆ ژیان و کۆمەڵگا بەرهەمدەهێنن. یەکەم هەنگاوی نووسینی ژنان لەوەوە دەستی پێکردووە، کە کچان بەشێوەیەکی نهێنی یادەوەری خۆیان لە دەفتەرێك دەنووسنەوە، هەر ئەم بیرۆکانەش کاتێك پێدەگەن و کەڵەکە دەبن، دەبنە بەشێك لە مێژووی کەسایەتییان. جۆرێکی دی لە نووسین، کە ژنان تێدا سەرکەوتووبوون، کە لە شەستەکاندا پێی دەگوترا (مراسلة). ژنان بێ ترس نامەیان لەگەڵ کەسانی جیاواز دەگۆڕییەوە، تاکو ئێستاش ژنی کورد لە هەموو دەرگاکانی ژیانی داوە و دەدات تا قوفڵە گەورەکانی ڕێگریی و چەوسانەوە بکاتەوە و بیانخاتە بەرچاو ( هەردی، ٢٠١٢، ٥-٦).

لە پێش حەفتاکانەوە، هەندێك لە نووسەران چەند دەقێکی شانۆیان بەناوی ژن و لەسەر کێشەکانی ژنان نووسیوە، بۆ نموونە (مەم و زین) نووسینی (پیرەمێردی نەمر)، ئەم چیرۆکە لە ساڵی (١٩٣٠) لە ئەستەنبۆڵ چاپکراوە، ئەوەی لەو چیرۆکەدا گرنگە نووسەر باسی لە کێشەیەك کردووە، کە لە هەموو سەردەمێکدا هەبووە، ئەویش مەسەلەی جیاوازی نێوان ژن و پیاوە، ئەوەیە کە ژنان هەمیشە دەنگیان کپکراوە، بۆیان نەبووە وەکو پیاو باسی دڵداری بکەن، زین دەڵێت: " دڵداری، شەیدایی، شێواوی، دڵ بەستەیی، گرفتاری، ... ئاخ بۆ ئەو کچە نەوجوانانە کە بەو ئاگرە ئەسوتێن و چونکە ئافرەتن و نەنگە عارە و شەرمە هاواربکەن، پیاو ئەگری، ئەناڵێنی هاوار ئەکەن وا ئەسووتێم و وەك ماسی دەنگم لێوە نایەت، ... " ( جامی، ١٩٨٩، ٣٢). ئەگەر سەیری ئەو دەقە بکەین، کە پیرەمێرد نووسیتی باسی چەندین لایەنیتر دەکات، بەڵام ئەوەی کە هەڵوێستەی لەسەر بکەین و باسیبکەین، ئەویش دڵداری نێوان ژن و پیاوێك، کە پێکنەگەیشتوون، لە کۆتایدا دڵدارەکەی لە دەستدەدات، دیارە پیرەمێر کە ئەم بابەتەی نووسیوە، باس لە کێشە و گرفتی ژنان دەکات لەو سەردەمدا، کە ژنان لە هەموو مافێك بێبەش بووینە. خۆی ئەمە هەنگاوێکی گرنگە، بۆ ئەوەی نووسین هەبێ لە سەر کێشەکانی ژنان لەناو کۆمەڵگادا، جا هەر کێشەیەك بێ، کە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە. لەم بارەوە چەندین نووسەرمان هەیە، کە نووسینەکانی تایبەتە بە کێشەکانی ژنان.

هەروەها دەقی شانۆیی (خەج و سیامەند) نووسینی (فوئاد مجید میسری) نووسەر لە سەرەتادا وەسفی جوانی (خەج) دەکات " گەلی برادەران.. دەنێو عەشرەتی کێلەسپاندا کیژێك هەبوو نێوی خەج بوو، بەڵام خەج چ خەجێ؟!. کەڵەگەت، چاوبەڵەك، کوڵمە سوور و سپی.. گەردەن کێل.. خوێن شیرن.. دەنگ خۆش... " (میسری، ٢٠١٢، ٢١). ئەم دەقە باسی خەج و سیامەند دەکات، کە هەر لە منداڵیدا پەیوەندییەکی سادەیان لە نێوان درووستبووە تا گەورە بووینە، دواتر لێکدابراوەن، دیارە بە هۆی داب و نەریتەوە ژیانی خەج لەناودەچێت، چونکە ئەو دەیەوێت ئەو نەریتە کۆنە نەمێنێت، کە کچان بە زۆر بە شووبدەن و نەهێڵن بە ئاکامی دڵی خۆیان بگەن، خۆشەویستی نێوان خەج و سیامەند زۆر گەورەبوو، هەر وەکو

سیامەند دەڵێ: " ... بۆ خۆت نازانی ڕۆژەکی نەتبینم ئارامم لەبەر دەبڕێ...

خەج: چ بکەم!... بۆ خۆت نازانی قسەو قسەلۆکی نێو عەشرەتی وەکی نەشتەر جەرگی دەبڕێ، هێندە بە سۆیە بە چ دەرمانێك عیلاجی ناکرێ!. (میسری، ٢٠١٢، ٢٢). ئەم دەقە شانۆییە باسی دڵداری کورە هەژارێك و کچە میرێك دەکات، کە ڕێگا نادەن بۆ یەك ببن، دەیانەوێ خەج بدەنە پیاوێکی دەوڵەمەند، بەڵام خەج رازی نابێت چونکە دڵی بە کەسێکیتر وەیە، لە کۆتایدا خەج خۆی دەکاتە قوربانی خۆشەویستەکەی و بەڵێن و پەیمانەکەی، چونکە سیامەند هەڵدێراوە، ئەویش چاوی بەرایی نادات بەبێ ئەو بژیت و بیدەن بە کەسێکی دیکە، یان بە سەرشۆڕی بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێی هەڵاتەووە، کە پڕە لە ستەم دژی ژن لە چیای سیپانێ خۆ هەڵدێرا... ئەم دیاریدە نەك لەو سەردەمدا لە ئێستاشدا هەر ماوە. بە هۆی کەلتور و داب و نەریتەوە. ڕۆژانە چەندین ژن خۆیان دەکەنە قوربانی. بەشێوەیەکی گشتی ژنان زۆر کەم بابەتیان نووسیوە، بەتایبەت لە پێش ساڵانی حەفتا و هەشتاکان، ژنان زۆر کەم دەستیان بۆ نووسین بردووە، چەندین نموونەی تری دەقمان هەیە، کە گرنگیان بە تواناکانی ژنان داوە و لە کێشە و گرفتەکانی ژنیان کۆڵیوەتەوە. بەپێی سەردەمەکە گۆرانکاری بەسەردا داهاتووە، پیاوان هەوڵیانداوە لەبارەی ژنانەوە بنووسن و کێشە و گرفتەکانیان باس بکەن، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم ژنان دەستیان بۆ نووسین بردووە، لەناویشیاندا نووسینی ژنانە، لە کاتی نووسیندا زۆرجار چەندین پرسیار دێتە بەر باسکردن، چەندین رای جیاواز لە لایەن نووسەران و ڕەخنەگرانەوە سەبارەت بە مەسەلەی نووسینی ژنان و نووسینی پیاوانە هەیە، هەر وەك یەکێ لەو پرسانەی زۆر قسەی لە سەر دەکرێت ئەوەیە، ئایا ئەدەبێك هەیە بە ناوی ئەدەبی ژنان؟ و ئەدەبی

پیاوان؟ لەبەر ئەوەی سـەرەتا پیاوان زیاتر بابەتیان نووسـیوە، چونکە ژنان لەلایەن سـیسـتەمی پیاوسالارییەوە بە هەمووشێوەیەك چەوسێنراونەتەوە لە ژێر كۆت و بەندداboوینە .

**بەندی سێیەم: مێژووی سەرهەڵدانی شانۆی ژنانە لە ئەدەبی کوردیدا:**

بە شـێوەیەکی گشـتی سـەرەتای سـەرهەڵدانی شـانۆ بۆ یۆنانی و ڕۆمانییەکان دەگەڕێتەوە. یۆنانییەکان لە زۆر بواری ئەدەبی و هونەریدا پێشـنگ بوونە، لەسـەردەمی یۆنانییەکاندا چەندین نووسـەر و فەیلەسـوفی بەناوبانگ دەرکەوتن، کە لە بواری شـانۆدا دەسـتێکی باڵایان هەبوو، سـەرەتا دەرکەوتنی شـانۆیی یۆنانی بۆ چەندین بۆنەیی ئایینی دەگەڕێتەوە، چەندین جەژنی گەورە لەو سـەردەمدا بەڕێوەدەچوو، هەروەها شـانۆ لە یۆنان، کە بە سـەرەتایەکی مێژوویی گرنگ دادەنرێت و شانۆ لەوێوە بۆ وڵاتانیتر، گواستراوەتەوە، سەرەتا چەندین نووسـەری بە ناوبانگ لە بواری نووسینی شـانۆی لەوەێ دەرکەوتن بۆ نموونە (سـۆفۆکلیس و یۆربیدس و ئەسـکیلۆس ئەرسـتۆفانیس... هتد) ئەم نووسـەرانە چەندین شـانۆیان لە بارەی کۆمیدیا و تراژیدیا نووسـیوە، لەسـەردەمی خۆیاندا ناوبانگێکی زۆریان لە یۆناندا هەبووە.

دواتر شـانۆ بەناو وڵاتانی دیکە جیهاندا بڵاوبووە، هەر وڵاتەو بەشـێوەیەکی جیاواز وەریگرتەوە، بەو شـێوەیە شـانۆ لە زۆرینەی وڵاتانی دونیادا گەشـە دەکات و، هەر وڵاتەو بە پشـت بەسـتن و بە داب و نەریت و ئایین و کلتور و جوگرافیا و ڕۆشـنبیریی خۆی شـێواز و تایبەتمەندی بە شـانۆ دەبەخشـێت. شـانۆ وەکو نووسـین و ئەدەب سـەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵی 1919، ئەویش بریتییە لە دەقی (مەمی ئالان)ی عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری، کە یەکەم دەقی نووسـراوی کوردییە. ئەم جۆرە ئەدەبە لەچاو بابەتەکانیتر درەنگتر هاتە ناو ئەدەبی کوردییەوە.

گەڕانەوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی شانۆی ژنانە، لە دوای ساڵانی حەفتاکان چەندین گرووپی نوێ پەیدابوون، کە ئەمەش وایکرد، لەو سەردەمە شانۆ بە فۆرمێکی تازەوە دەربکەوت، هەنگاوێکی زۆردرا و لەم بارەوە نووسینی دەقی شانۆیی زۆر زیادی کرد و، ژنانیش زیاتر هاتنە ناو ئەم بوارە، یەکێك لەو نووسەرانە، کە دەستی داوەتە نووسینی دەقی شانۆی ژنانە (گەزیزە عومەر)ە، کە لە ساڵی (1971)ەوە هاتۆتە ناو بواری شانۆوە، دوای ئەوە تیپێکی دامەزراند بە ناوی (تیپی شانۆیی هاورێیانی گەزیزە) یەکەم تیپ بووە، کە لە کوردستاندا دامەزراوە، بەڵام تەمەنی ئەم تیپە لە ساڵ و نیوێك زیاتر تێنەپەری

و تیپەکە نەما، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠٠٤ لەتەك کۆمەڵێك ژن و کچەشانۆکارێکی کورد، توانی سەر لەنوێ تیپی هاوڕێیانی گەزیزە دابمەزرێنێتەوە، ئەوەی جێگای سەرەنجە لە سەرەتای حەفتاکان کاتێك تیپەکە دامەزرا، ئەندامەکان بریتی بوون لە شانۆکاری پیاو، کەچی ئەمجارەیان هەموویان خانمی شانۆکارن، لەو ماوەیەدا کۆمەڵێك شانۆگەرییان پێشکەشکردوە، سەرجەمیان لە دەرهێنانی مامۆستا گەزیزە بووە، وەکو (دەروازە داخراوەکان و گوڵەکانی مەنفا و ماڵێکی پڕ لە جانتا و توورەبوونی تابلۆیەك و جەنگی ژوورەکان و میوانی ئەم ئێوارەیە و هێشتا قسەکانە تەواونەکردووە و ٣ ژن و شەوێك (عومەر، ٢٠٠٩، ٤٩).

جیاوازیەکی زۆردەبیندرێت سەبارەت بە هاتنی ژنان بۆ ناو بابەتە ئەدەبییەکان، بە شێوەیەکی گشتی تا ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەم هیچ هەوڵێکی ئەوتۆمان بۆ شانۆی ژن نییە، کە جێگای سەرەنج بێت، بەڵام لەدوای ئەوەی کۆمەڵە گەنجێك ڕوو دەکەنە کولێژی هونەرە جوانەکانی بەغدا و دوای تەواوکردنی کولێژ، ئەو گەنجانە بزووتنەوەیەکی شانۆی ئەزموونکاری لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا دەخوڵقێنن، کە دەتوانن کاریگەری لەسەر شانۆکارانی تریش دروستبکەن(جامی، ٢٠١٥، ٣٠).

چەندین دەقی شانۆیی بەناوی ژنەوە نووسراوە و هەوڵدراوە کێشە و گرفتەکانی ژنان لە ڕێگای دەقە شانۆییەکان بخرێتە ڕوو، چەندین نووسەری بەتوانای ژن لە بواری نووسینی دەقی شانۆیی دەرکەوتن، تا دەنگی ژنان بگەینە کۆمەڵگاو بە جۆرێك، کە ژنان توانیان داوای ماف و ئازادی بکەن. ژنانی ڕۆشنبیر و شانۆکار لە زۆربەی سەردەمێکدا نەیانتوانیوە، وەك و پیاوان پەرە بە تواناکانیان بدەن، ئەمەش چەندین هۆکار وایکردووە، کە ژنان لە بوارەکانی هونەری شانۆ دوابکەون. چونکە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی پیاوسالارییە زیاتر گرنگی بە تواناکانی پیاوان دەدات. دواتر کۆمەڵێك نووسەری بەتوانا دەرکەوت، کە کاریان ئەوەبوو، داکۆکی لە مافی ڕەوای ژنان بکەن، کێشەو گرفتەکانیان بکەنە دەقی شانۆیی و دەنگیان لە ڕێگای ئەو دەقانەوە بە کۆمەڵگا بگەیێنن، پیاوانیش چەندین دەقی شانۆییان بەناوی ژن نووسیوە و کێشەکانی ژنیان خەستۆتەڕوو.

گەزیزە عومەر دەڵێت: " سەبارەت بە دروست بوونی شانۆی ژنانە، شانۆیەك نییە پێبگوترێ ئەمە شانۆی ژنە یاخود شانۆی پیاوە، بەڵام شانۆیەك هەیە گرنگی بە مەسەلەیی ژن دەدا شانۆیەك هەیە ئەو مەسەلەیە ژن و شانۆ نووسینە لە هەموو دونیایە سەرەتا، کە دەست پێدەکات. بە هەنگاوێکی

زۆر قورس دەستپێدەکات. ئەو نووسەرەی کە دەنووسی، خۆی چۆن کێشەکان لە ناو نووسینەکانی بەرجەستە بکات، بەڵام دەبێ نووسەر خۆی بەشێك بێ لە نووسینەکە ئەگەر بەشێك نەبی لە نووسینەکەی خۆت ناتوانیت ڕاستگۆبی لەگەڵ ئەوەی، کە دەینووسیت، کەواتە ئەو نووسەرانەی، کە خۆیان بەشێك دەبن لە نووسینەکانیان هەمیشە بە نووسەری سەرکەوتوو لە قەڵەم دەدرێن، جیاوازییەکە دیارە لە قەڵەمەکەیە، کاتێك کە جیاوازیەکە دەبینیت بەمە بۆت دەردەکەوێت ڕەنگە ئەو ئازارەی لای نووسەرێکی ژنە لای نووسەرێکی پیاو نەبێت، ڕەنگە ئەو تایبەتمەندییەی کە نووسەرێکی ژن لە ژنێك دەیبینێت، ڕەنگە پیاوەکە هەستی پێنەکات بە پێچەوانەشەوە ڕەنگە ئەو نووسەرە پیاوەی، کە هەست بە پیاوێکیتر دەکات دەیخاتە ناو دەقەکەی ڕەنگە ژنەکە نەتوانێت بم شێوەیە هەستی پێ بکات " (عومەر، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن) لێرەدا باسەکە ئەوەیە، کە ئەو دەقانە بەناوی ژنانەوە ناونراون، واتە دەبێت ژنیش لەناو دەقەکەدا ڕۆڵی سەرەکی هەبێت و پاڵەوانی بابەتەکە بێت، کە لەوانەیە ئەو دیاردەیە لەناو شانۆی نەتەوەی دیکەدا کەمتر بەرچاو بکەوێت، بەڵام وەکو باسمانکرد، لەناو شانۆی کوردیدا چەندین دەقی شانۆییمان هەیە، کە بەناوی ژنەوەیە، هەروەها چەند نموونەیەکی دیکەی دەقمان هەیە، کە گرنگیداوە بە تواناکانی ژن لەناو پێگەی کوردەواری خۆماندا. بۆ نموونە دەقی شانۆی (مەمی ئالان) نووسینی (عبدالرحیم رحمی هەکاری) لە ساڵی ١٩١٩ نووسراوە، دوو دەقیتریش لە ساڵی ١٩٣٠ نووسراوەن یەکەمیان (ئەوی بچێنی ئەوە ئەدرویتەوە) دووەمیش شانۆگەریەکی شیعریە بە ناوی (دایکێکی جاهل کە خشخاشی داوە بە مناڵەکەی و نصیحەتی دکتۆرێك) ئەم دەقانە باس لە کێشە و گرفتەکانی ژنان دەکات، کە لە کۆمەڵگادا بوونیان هەیە (حاجی، ١٩٨٩، ٢٥). چەندین نموونەیتر لەم جۆرە دەقانە لەلایەن نووسەرانەوە نووسراوەن، هەریەکەو باس لە کێشەیەك دەکات، کێشەکانیش تایبەتن بە کۆمەڵگای کوردی و لەناویشیاندا کێشەی ژنە.

هۆکاری ئەوەی، کە ژنانە بەدرەنگەوە هاتۆتە نێو ئەدەبی بەگشتی و ئەدەبی شانۆ بەتایبەتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ژنان لە سەرەتادا لە هەموو ماف و ئەرکێکدا بێ بەش بوونە، بەڵام دواتر ژنان توانیان لە ڕێگای چەندین شۆڕشەوە ڕۆڵێکی کاریگەر ببین بۆ داواکردنی مافەکانی خۆیان، نووسەر و ڕۆشنبیران چەندین داواکاریان بەرزکردە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەر یەکسان بن، ژنان قوربانییەکی زۆریان دا لە پاڵ داواکاریەکانیان. شۆرشیی فەرەنسا ئەنجامێکی نوێبوو لە سەرانسەری جیهانداو زۆربەی گەلانی لە خەوی خەفڵەت خەبەرکردەوە و ڕێگایەکی نوێ بوو بۆ وەدەستهێنانی

مافەکانی مرۆڤ بە شـێوەیەکی گشـتی ئەم شـۆرشـە وایکرد کە گۆڕانکارییەکی تەواو لە مرۆڤایەتیدا رووبدات، بە تایبەت ژنان، بوارێکی زۆریان بۆ ڕەخسا، بۆ داخوازی و مافە ڕەواکانیان، ژنانیش شان بە شـانی پیاوان لە چەندین کار کە پیاوان ئەنجامیان دەدا بەشـداربوو، هەروەها ژنانی فەرەنسـا چەند یانەیەکی سـەربەخۆیان دامەزراند، کە داوای یەکسـانی سـیاسـییان دەکر (ئەحمەد، ٢٠٠٨، ٢٠). ژنان لە سەردەمانێکدا هیچ ماف و ئازادییەکیان نەبوو، ژنان لە سەرەتادا شوێن کەوتووی پیاوان بوون، دەبوا خزمەتی پیاویان کردبایە.

شانۆ لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەچەند رێژەی جیاواز هەنگاوی نا پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە، دواتر شانۆ پێگەیەکی بۆ خۆی دروستکرد، هەروەها چەندین نووسەری گەورە لە بواری شانۆدا بەدیارکەوتن، کە جگە لە دەقی ئاسایی چەندین دەقیاشیان بەناوی ژنەوە نووسیوە، بۆیە کە باس لە ڕۆڵی ژن دەکرێت، گرنگە لە دوو گۆشە نیگاوە سەیری شانۆ بکەین و خوێندنەوەی بۆ بکەین، یەکەم شانۆیەك کە بەناوی (شانۆی ژنانەوەیە)، کە ئەمەیان زیاتر خۆی لە چوارچێوەی نووسینی دەقدا دەبینێتەوە و کاریگەرییەکانی بۆ سەر ژیانی ژنان و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە، دووەمیان (بەشداری کردنی ژن لە شانۆدا)یە، کە ئەمەیان زیاتر بەندە بە نمایش و بەشداری ئەکتەری ژن و تواناکانی ژنانی شانۆکار. بۆ نمونە ئەگەر باس لە شانۆیەکی ژنانە بکەین، ناتوانین باس لەو ئامانج و خواست و دەنگە نارەزاییانە نەکەین، کە ژنان بەهۆی داب و نەریت و یاساکانەوە دوچاری بون و بە دەستییەوە دەناڵێنن، وەک هاوارکردن و بەرزکردنەوەی دروشمی یەکسانیخوازانەی نێوان هەردو ڕەگەز. نمونەی ئەو نوسەرانەن، کە وێنەی ژنیان وەک وێنەیەکی لاواز یان خیانەتکار یان ملکەچی دەستی چارەنوس نیشانداوە، سەرباری ئەوەش زۆرینەی شانۆنامەکانیان بەناوی ژنانەوە بون وەک (ئەلیکترا، میدیا، ئەفجینا لە ئولیس، ژنانی تەروادە... هتد) وێنەی ژن لە نێو شانۆنامەکاندا بەم شێوەیە مایەوە هەتا دەرکەوتنی نوسەری گەورەی نەرویجی (ئەبسن )بە شانۆیی (ماڵی بوکە شوشە) و کەسایەتی نورا، کە دەبێتە سومبولی دەنگهەلبڕین بۆ هاتنە دەرەوە لە ماڵ و پچراندنی و کۆت و بەندی داب و نەریت، زۆرینەی ڕەخنەگران کەسایەتی نورا بە ترۆپکی کەسایەتییەکانی ئەبسن ئەژمار دەکەن لە شانۆنامەکانیدا. بەم شێوازە دەوترێت شانۆی ژنانە یان شانۆیەک بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان، وەک چۆن ئەبسن دەڵێت (یاسایەک کە پیاو بینوسێتەوە مەحاڵە بتوانێت داکۆکی لە ژنان بکات)، هەر بۆیە ئەگەر سەیرێکی شانۆی کوردی بکەین لەم ڕووەوە زۆر هەژارە و دەنگی ژنانە وەک وتار و پەیام،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەنها ئەوەی بە بەردەوامی وەک شانۆییەکی ژنانە کاری لەسەر کراوە، هەوڵی دەگمەنن و ڕکابەری کردن نەبوە، هەتا ئێستاش بابەتی ژن یان ئافرەت لە شانۆکەی ئێمەدا وەک ( نوسین، ڕەخنە، تەکنیک، بەرزکردنەوەی پەیامی ژنانە) بۆ دابینکردنی مافی شانۆکاری ژن وەک پێویست نەبوە (عومەر، ٢٠٢١، رۆژنامە).

شانۆی ژنانە شانۆیەکە، کە باس لە ئێش و ئازار و مەینەتی و کێشەکانی ژنان دەکات و ژن ئامادەبوونێکی پتەوی لەناو دەقە شانۆییەکەدا هەیە. لەگەڵ شانۆی فیمینیستی جیاوازە، لەبەرئەوەی ئەم شانۆیە هەڵگری گوتاری جیاوازە، زیاتر ژنان دەینووسن و دژی ڕەگەزی بەرامبەر، چەندین نووسەر بە شانۆی فیمینستی ناسراون، لەبەرئەوەی شانۆکەیان جۆرە توندییەکی بۆ ڕەگەزی بەرامبەر تێدایە، بەڵام شانۆی ژنانە پێچەوانەی شانۆی فیمینیستییە، کۆمەڵێك نووسەر لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا دەرکەوتوون، هەروەها "ئەزموونی شانۆیی (ژن) واتە ئەوانەی لەلایەن شانۆنامەنووس و دەرهێنەرانی ژنەوە بەرهەم دەهێنرێن، هەروەها ئەزموونی شانۆیی (فێمینیست) واتە ئەوانەی، کە هەڵگری تێڕوانینی تەنیا ژنن، جا لەلایەن ژنانەوە بەرهەم هێنرابێت یان لەلایەن پیاوانەوە" (علي، ٢٠١٦، پێگەی ئەلیکترۆنی) بەڵام شانۆی ژنانە، وەکو لە پێشەوە باسمانکرد باس لە کێشەکانی ژنان دەکات، جا ئەو کێشەیە هەرچی بێت، گرنگ ئەوەیە پەیوەندی بە ژنانەوە هەبێت، ئەوەش گرنگ نییە کێ دەینووسێت، ژن یان پیاو، لەوانە سێ چەمکمان هەیە، کە لەیەکەوە نزیکن و نابێت تێکەڵی بکەین(ژن، ژنانە، فێمینیستی).

دڵشاد حوسین دەڵێت: "ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی شانۆی ژنانە دەتوانین لە سەدەی نۆزدەوە لە ئەوروپاوە دەست پێبکەین، بابەتەکانی شانۆی ژنانە جەختکردنەوە بووە، لەسەر مافی یەکسانی ژن لە هەڵبژاردن لە کایەی سیاسی هەموو بزووتنەوە ئایدیۆلۆژییەکان ڕۆڵیان هەبووە. لە دروستبوونی شانۆی ژنانە وەکو کار هیچ کارێکم بۆ شانۆی ژنانە نەکردووە، بەڵام وەك بەشێکی زیندوو لە کۆمەڵگا کارم لە سەر کێشەکانی ژن کردووە، ئەو کێشانەی ژن لەگەڵ پیاو هەیەتی، هەموو ئەو کێشانەی، کە ژن ڕووبەرووی دەبێتەوە، لە کۆمەڵگا کارم لەسەرکردووە، لە ناو دەقەکاندا بە تێروانینی شانۆی ژنانە نا، بەڵکو وەکو شانۆیەکی مرۆڤانە، کە جیاوازی نەبێت لە نێوان ژن و پیاو" (حسێن، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن) نووسینی دەقی شانۆیی کاتێك سەرکەوتوو دەبێت، کە ناوەرۆکەکەی و پەیام و گوتارەکەی باس لە هەردوو ڕەگەز بکات و کارەکتەرەکانی بە واقیعی لە هەر دوو ڕەگەز بن. لە کۆمەڵگادا زیاتر گرنگی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بدرێت بە یەکسانی هەردوو ڕەگەزکە، کەواتە "هەر وەکو چۆن ژنان لە ژیاندا ڕەنجدەدەن و دەور دەبینێ، دەبێ ئاواش لەسەر تەختەی شانۆدا ڕۆڵی خۆی ببینێ و بوونی خۆی بسەلمێنێ" (حاجی ، ١٩٨٩، ٩).

لە دوای ساڵانی حەفتا و هەشتاکاندا کۆمەڵێك ژنی بەتوانا بەشداریەکی بەرچاویان لەناو شانۆدا هەبووە، لەوانە (گوڵزار عومەر و نرمین ناکام و نیگار حەسیب قەرەداغی و بەدیعە دارتاش و گەزیزە عومەر و فرمێسك مەستەفا و تریفە جەمال و میدیا رەئوف و خەرمان هیرانی و تەلار هیرانی... هتد) ئەمانە لە ڕێگای نمایش و دەرهێنان و نووسین و بەشداریکردنیان لە شانۆییەکاندا توانیان  ڕۆڵێکی گرنگ بۆ شانۆی کوردی بگێرن و لەناویشیاندا شانۆی ژنانە پێگەیەکی بۆخۆی دروستکرد، کە سەرەتا شانۆی ژنانە لەناو ئەدەبی کوردیدا نەبووە، بەڵام لەدوای حەفتاکان تارادەیەك ژنان توانیویانە دەست بۆ بوارەکانی نووسین و نمایشکردنی دەقەشانۆییەکان بەرن، ئەوکاتیش ژنان بە پەنجەی دەست دەژمێردران، پرسی ژن بۆ شانۆی کوردی پرسێکی گرنگ بووە، ژنان توانیویانە دەقی شانۆیی بنووسن و بەشداری لە نمایشەکاندا بکەن، چەندین ژنی بەتوانا دەرکەوتن، کە لە دوای راپەرین ژنان تارادەیەك بواری ئازادیان بۆ ڕەخساوە، بەشداری کردنیان لەم بوارانەدا زیاتر بوو، بەڵام لەچاو پیاوان کەمتر ئازادیان بۆ رەخسابوو.

## بەشی دووەم:

### بەندی یەکەم: جیاوازی دەقی ژنانە لەگەڵ دەقی پیاوانە لە ئەدەبی کوردیدا:

ژنان هەر لە سەرەتای پێکهاتنی بناغەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ڕۆڵی تایبەتیان لە گەشەو پێشکەوتنی کۆمەڵگادا هەبووە، تاکوو ئێستاش شوێن پەنجەیان لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگادا دیارە، هەروەها ژنان بەپێی ئایینەکان لەناو کۆمەڵگادا بەشێوەیەکی جیاجیا باسکراون، بەپێی ماف و ئەرکەکان جیاوازە. لەلایەن کۆمەڵگای پیاوسالارییەوە لە هەردوو باری جەستەیی و دەروونییەوە داگیرکراوە و مافی تەواوی نەدراوەتێ، چونکە کە دەڵێن ژنی کورد سەربەست بوووە و شانبەشانی پیاو کاریکردووە، ئەمەش وایکردووە، کە پیاوسالاری ژن  بەکاربهێنێت، کە هەر پیاو کوێخا بووە و لەژێر سێبەری ساباتی ژندا پاڵکەوتووە، شانی بۆ ئازارەکانی داداوە و ژنانیش هەر بەشخوراو بووینە (نورەدین، ٢٠٠٤، ٢٩).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژنان کاتێك دەنووسن بەشێوەیەکی جیاواز دەنووسن، چونکە گەڵێك جار ژنان کە دەنووسن بۆنی ژن جیاوەزە لەگەڵ پیاو، هەستی ژن جیاوەزە لەگەڵ هەستی پیاو، هەندێك دەق، کە دەنووسرێن دەزانیت، کە ئەوە ژن نووسیتی، هەندێك دەقیش ژنیش نووسیتی، بەڵام هەست ناکەیت، کە نووسەرەکەی ژنە. هەروەها بۆ نووسەر نابێ قەڵەمی ژن جیاوازبێ لەگەڵ پیاو، چونکە هەموو شتەکان پەیامە مرۆڤایەتییەکانە کە دادەرێژیت. هەندێك نووسین هەیە، هەستدەکەیت بۆنێکی تەواوی ژنانەی لێدێت، هەتا لە شاعیرانیش سەیری شعرەکانی (کەژاڵ ئەحمەد) بکە، کاتێك شیعرەکانی دەیخوێنیتەوە یەکسەر هەستدەکەیت، ئەو شاعیرە ژنە. هەندێك کات جیاوازییەکە دروست دەبێت، چونکە کاتێك کە دەنووسیت، دەبێت خۆت بیت، ئەگەر خۆت نەبیت نووسینەکەت سەرکەوتوو نابێت. نووسینەکانی (نەوال سەعداوی) هەمووی بۆنی خۆی لێدێت، بۆچی؟ لە بەر ئەوەی خۆی بەشێکە لە نووسینەکان (عومەر، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن).

جیاوازی دەقی ژنانە لەگەڵ دەقی پیاوانە لە هەر بابەتێکی ئەدەبیدا بێت، هەندێك لە ژنان ئەو جیاوازییە رەتدەکەنەوە، هەندێکیش پشتگیری دەکەن، هەندێکیش رایان مامناوەندییە نە رەتی دەکەنەوە نە پشتگیری دەکەن، چونکە هەر دەقێکی ئەدەبی، کە ژن یان پیاو دەینووسێت، تارادەیەك جیاوازی هەیە، جیاوازیەکەش ئەوەیە، کە هەندێك لەو نووسەرە پیاوانەی، کە دەنووسن، ناتوانن بچنە ناو ناخی ژن و لێتیبگەن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا نووسەری پیاوی زۆر بەتوانامان هەیە، کە بەشێوەیەکی وا لەسەر ژن نووسیویەتی، وا هەستناکەی، کە ئەمە پیاوە و دەقێکی بەمشێوەی لەسەر ژن نووسیوە، بەڵام پیاوان بەشێوەیەکی گشتی ناتوانن لە هەموو ئێش و ئازاری ژنان تێبگەن، چونکە " کەس وەکو خۆیان گوزارشت لەو خەم و ژانە ناکات، کە خودی ژن دووچاری بووە، بەتایبەت پیاوان کە سەرچاوەی نەهامەتییەکانی ژنانن، ڕەنگە لەم لایەنەوە تاڕادەیەك حەق بەوان بێت، بەوەی هیچ پیاوێك ناتوانێ وێنای چرکەساتی منداڵبوونی ژنێك وەکو خۆی دەربڕێت، بەو هەموو ژان و ئازارو دەردەسەرییەوە، کە منداڵبوون هەیەتی، بۆیە ئەوە تەنیا مافی ژنان خۆیانە، کە لە خۆیان بدوێن و قسەبکەن "(سابیر، ٢٠٠٨، ٦٤). قسەکردن لەسەر ئەم بابەتانە هەر ژنان تێدەگەن، کە لەم کاتەدا ژنان چ هەستێکیان هەیە، بۆیە زۆربەی ژنان ئەم چەمکە رەتدەکەنەوە، بەڵام زۆر نووسەری ژنمان هەیە، کە پشتگیری ئەوە دەکات، کە نابێت نووسینی دەقی ژنانە و پیاوانە جیاوازبێ، ئەو نووسەرانەی، کە ئەم بابەتە رەتدەکەنەوە، پەیوەندی بەوە هەیە، کە ژنان دەترسن لە جیاکاری نێوانیان، هەر لەم بارەیەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نووسەر و ڕەخنەگری عەرەبی (لطيفة الزيات) دەڵێت: "هەمیشە جیاکردنەوەی نێوان نووسینی ژنان و نووسینی پیاوانم ڕەتکردۆتەوە، وێرای ئەوەی، کە هەستمدەکرد، کە هەر یەکەیان بە شێوەی جیاواز دەنووسن. ئەوەشی وایلێکردم کە هەڵوێستەم هەبێ، ئەوەبووە، کە دەترسام ئەم زاراوەیە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ژنان لە پلەی دووەمدا بهێڵێتەوە، بەڵام ئێستا دوای ئەوەی دەکرێ و ڕێی تێدەچێت، یەکسانیی نێوان پیاوان و ژنان بێتەدیێ " (سالح، ٢٠٢١، ١٩). لەو کاتەوە کە نووسین و ئەدەب کاری تاکەکەسی بووە، هیچ پەیوەندیی بە ڕەگەزەوە نییە، لەبەرئەوەی هیچ کۆمەڵگایەك نییە، ژن و پیاو دژی یەکتربن، ئەویتر ڕەتبکاتەوە، بەڵام هەندێك لە کۆمەڵگا دواکەوتووە توندڕەوەکان، کە ئەمە لەگەڵ ژن ڕەتدەکەنەوە لەبەرئەوەی " ئەدەب بە گشتی موڵکی تەواوی بەشەرییەتە، نەك تەنها پیاوان، چونکە ئەو پێشکەوتنانەی لە سایەی ئەدەبدا دنیا بەخۆوەی دیوە، بۆ هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاوەیش بووە،" (سابیر، ٢٠٠٨، ٦٥).

ژنان لە نووسینی دەقدا دەکرێ وێنەی خۆیان دەرخەن، پێناسە و خەسڵەتی تایبەت بەخۆیان بخەنەڕوو لەبارەی نووسیندا، هەر لە بارەی ئەوەوە (جۆرج گرابش) پێیوایە، کە پیاوان بۆ نووسین پشت بە فکر و منتیق دەبەستن، بەڵام ژنان لە دڵەوە دەنووسن و پشت بە هەست و سۆز دەبەستن (المناصر، ٢٠١٠، ٧٩). بەڵام پێویستە ئەم جیاوازییە نەمێنێت لەجێ ئەوەی بڵێین ئەوە نووسینی ژنە یاخود پیاو، لە جێ وشەی ژن، ئەدیب یان دانەر دابندرێ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز سەیربکرێ، زۆربەی کات ژنان بۆ دونیای خۆیان شت دەنووسن، بەڵام پیاوان بۆ دونیای ژن دەنووسن، کە ژن لە دەقەکانی بەشدارە، بەڵام هەندێکجار، هەندێك گوتاری کۆمەڵایەتی بەسەر هەمووواندا زاڵە، بەڵام ژنان نەیانتوانیوە لە هەندێك سەردەمدا بەشێوەیەکی جوان و هونەریی گوتارەکانیان دەربڕن (موحەمەد، 2020، پێگەی ئەلیکترۆنی).

زۆرێکی تریش لە نووسەران ئەم جیاکارییە ڕەتدەکەنەوە، چونکە پێیان وایە ئەم جیاوازییە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی نرخ و پایەی دەقی ژنانە و لەگەڵ دەقی پیاوانە، لەبەرئەوەی ژنان دەیانەوێ دەنگی کپکراوی خۆیان بگەیێنە نێو کۆمەڵگا، لەبەرئەوەی ژنان نایانەوێ جیاوازی ئەدەب لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا هەبێت. زۆربەی نووسەرانی پیاو، کە دەقێك دەنووسن بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە زیاتر هەوڵیانداوە، کە جەستەی ژن وەك کەرستەیەك بەکاربێنن، بۆ ئەوەی بتوانن دەقی پێی دەوڵەمەندبکەن، لای زۆربەی پیاوان بەم شێوەیە، مەهاباد قەرەداغی لە چاوپێکەوتنێکدا باس لەوە

دەکات، دەڵێت: " ژن لە کۆمەڵگاکانی جیهاندا دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخساوە لە پرۆژەی گەردونگەرایی سودمەند بێت، بۆیە زیاتر بەر زیانەکانی دەکەوێت، کاتێك جەستەی ژن دەکرێتە کاڵای بازرگانی، بۆ نمونە ریکلام بۆ کۆمپیتەرێك دەکرێت، ژنێکی رووت دادەنرێت، بۆ قەڵەمێکیش بەهەمان شێوە" (سدیق، ٢٠٠٧، ١٨). زۆرجار باس لە ئەدەبی ژنانە دەکرێت، ئایا ئەدەبێك بەو ناوەوە هەیە؟ مەهاباد قەرەداخی پێیوایە " کە ئەدەب ئەزموونەکانی نووسەر ئاستی پێی دەبەخشێت، نەك ژنبوون و پیاوبوون. بەهۆی ئەوەی، کە ئەزموونەکانی پیاو هەمان ئەزموونەکانی ژن نییە، وەك چۆن ئەزموونەکانی پیاوێك و پیاوێکیتر، یان ژنێك و ژنێکیتر هەمان ئەزموون نین، بۆیە لە دەربڕیندا دەتوانرێت هەست بە جیاوازییان بکرێت، ئەم جیاوازییە نەك لەپێناوی پۆلێنکردنیان بۆ ئەدەبی ژنانەو پیاوانە، بەڵکو بۆ ناسینەوەی دوو توخمی مرۆڤ، کە لە کلتوورەکان بەردەوام لە هەوڵی دابڕینیان لە یەکتر بووە" (حەمەلاوە، ٢٠١٠، ١٨٩).

گەزیزە عومەر پێیویە " لە کوردستاندا پێیان شتێکی عەیبەیە، کە بڵێن ئەمە شانۆی ژنە یان ئەمە نووسینی ژنە، ڕاست دەڵێن بۆ ژن و پیاو جیادەکەنەوە، خودای گەورە بە گەورەیی خۆی ژنی جیاواز لەگەڵ پیاو دروستکردوە، ئەگەر بڵێین ژن و پیاو جیاوازیان نییە، بەڵێ جیاوازی هەیە، ئەو جیاوازیش زۆرە، ئەو ژیانە بەم جیاوازییەوە جوانە، ناتوانین دەستکاری شتێك بکەین، کە لە بنەرەتدا خۆی وابووە. چونکە ژن کاتێك دەنوسێت، جیاواز لە پیاو دەنوسێت، چونکە ئەگەر جیاواز لە پیاو نەنووسێت، کەواتە بۆ دەنووسێت، ئەگەر پیاو ئەوەی کە لە مێشکی ژن بووە، ئەوەی نووسیبایە ئەوە ژنێك نەدەهات بنووسێ. بۆیە نووسەری ژن دروستبووە، بۆ ئەوەی ئەو کەلێنە پر بکاتەوە، ئەگەر پیاوێك نەتوانێ دەنگی ژنێك بگەیێنێت، کەواتە دەبێ ژنەکە خۆی ئەو دەنگە بگەیێنت. لەبەرئەوە هەمیشە دەبێ ئەو جیاوازییە لە نێوان نووسەرەکان بەدی بکەین، هەروەها نووسەرێکیش لەگەڵ نووسەرێکی تر جیاوازە، بەڵام هەمیشە نووسەری سەرکەوتوو ژن بێ یان پیاو بێت، دەبێت خۆی بەشێك بێ لە نووسینەکە(عومەر، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن).

**بەندی دووەم: سەرچاوەی دەقی شانۆی ژنانە لە ئەدەبی کوردیدا:**

ئەگەر باس لە سەرچاوەی دەقی ژنانە بکەین، واتا ئەو دەقانەی، کە لەسەر ژنان دەنووسرێن سەرچاوەکەیان لە چ بابەتێك وەرگرتووە، نووسەری دەقی شانۆیی بە شێوەیەکی گشتی چ لایەنی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مێژوویی، ئەفسانە، فۆلکلۆر، داستانە میللییەکان و بەندوباو جاری واش هەیە لە خەیاڵی مرۆڤ ئەو سەرچاوانە دروستدەکات، ئەی سەرچاوەی دەقی ژنانە چییە؟ ئەو دەقە لە چییەوە وەرگیراوە؟ ئەگەر سەیری دەقی شانۆی ژنانە بکەین، تا بزانین سەرچاوەکە لە چ شتێك هاتووە، دەردەکەوێت، کە سەرچاوەکان مێژوو، ئەفسانە، کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو کێشەی باوك، دایك، خەسو و بووك کچ و کور و ئایین و کۆمەڵگاو...هتد هەموو ئەوانە بوونەتە سەرچاوە بۆ نووسینی دەقی شانۆیی، هەروەها نووسەران هەوڵیانداوە لە ڕێگای نووسینی دەقە شانۆییەکان کاریگەریان لەسەر هۆشیارکردنەوەو خزمەتکردنی جەماوەری کورد بە هەردوو ڕەگەزەوە هەبێت، بەرهەمە شانۆییەکان مێژوو و ئەفسانە و داستان و فۆلکلۆر و سەرگوزشتەکان بوونەتە سەرچاوەیان. دەستبردن بۆ ئەم بابەتانەش گرنگە، بۆ شانۆی کوردی و لەناویشیاندا شانۆی ژنانە.

ژنانە کاتێك دەقێکی شانۆیی دەنووسن زیاتر هەوڵدەدەن ئەو بابەتانە بنووسن، کە تایبەتە بە کێشەی ژنان، وەکو دابونەریتی کۆمەڵایەتی، کێشە کۆمەڵایەتییەکان کێشە سیاسییەکان، کێشە خێزانییەکان، کێشە ئابورییەکان، هەرشتێك ببێتە کێشەوگرفت بۆ ژن، دەتوانن بیکەنە سەرچاوە بۆ نووسینی دەقی شانۆیی. سەبارەت بە کێشەی ژنان کێشەکان جۆراوجۆرن، بۆ نموونە (محەمەد تۆفیق وردی) لە شانۆیی" (ئەو کچە مارەیی هاتووە) لەم دەقە شانۆییەدا نووسەر هەوڵیداوە باس لە کێشەو گرفتەکانی ژنان بکات، بەتایبەت زەوتکردنی ماف و ئازادی لە شووکردندا، کە ئەم شانۆییە مەسەلەی بەزۆر بەشوودانی کچێك دەردەخات و، (باوکی پوولپەرست) ئەو شانۆگەریەش دەربارەی مرۆڤی چاوچنۆك و پارەپەرستە، ئەوانەی پارە لەسەرووی نیشتیمان و ویژدان و ئابڕووەوە دادەنێن، " (بەرزنجی، ٢٠٠٥، ١٠٣). ئەم نووسەرە لە ڕێگای ئەم دوو دەقە هەوڵێکی زۆریداوە، بۆ ئەوەی ئەم جۆرە دیاردە لەناو کۆمەڵگادا نەمێنێت. چەندین کێشە ڕووبەرووی ژنان بۆتەوە، هەموو ئەو کێشانە وایانکردووە، کە نوسەرانی ئەو بوارە دەست بۆ نووسینی دەقی شانۆیی ژنانە بەرن و پێوەی کاریگەربن.

سەرچاوەی دەقی مێژوویی، باسکردنی مێژوو لەناو دەقە شانۆییەکاندا کارێکی ئاسان نییە، چونکە کاری مێژوونووس ئەوەیە، کە ڕووداوەکان وەربگرێ و بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بیانکاتە دەقی شانۆیی. مێژووی کورد مێژوویەکی چڕوپڕە لە خەبات و شۆڕش و قوربانیدان لە پێناو سەروەریدا، ژنانیش بەش بەحاڵی خۆی لەو مێژووەدا بەشداربوونە، لە مێژوودا چەندین ژنی بەتواناو کارامەو بوێرمان هەیە، کە بە هۆی کارو چالاکییەکانیان توانیویانە کاربکەنە سەر کۆمەڵگا، چەندین ژن ڕۆڵێکی

کاریگەریان هەبووە. بۆ پێشخستنی دۆزی ژنانی کورد وەکو (حەپسەخانی نەقیب و عادیلەخان و لەیلا قاسم و لەیلا زانا و ئەنجوم خانم و حەلیمە خانی هەکاری و خانزادی سۆران و... ) ئەمانە بوێرانە شان بەشانی پیاوان کاریانکردووە، بەردەوام هەوڵیانداوە و خەباتیانکردووە .

لە ئەدەبی کوردیدا لەنێوە ئەفسانەکانرا تا چیرۆک، بگرە ژن لە ناویاندا وەک کاراکتەری سەرەکی هەبووە، وەک چیرۆکی (مەم و زین، شیرین و فەرهاد، خەج و سیامەند، یوسف و زولەیخا)، بەڵام چۆن ژن بۆ خۆی ئەو هەلەی بۆ نەرەخساوە نەتوانراوە هزریکی ژنانە لە کارەکاندا بێنێتە کایەوە و کەمتر باس لە هەست و کێشەکانی ژنان کراوە، رەنگە هەندێکجار دێرە شیعرێك یان چیرۆکێك یان روداوێک ببێتە سەرچاوە بۆ نوسینەکان، بەڵام هەر نووسەرێك  پیاو بێ یان ژن لە ڕاستی ڕابکات ناتوانێت ببێت بە نووسەرێکی سەرکەوتوو، چونکە هەر نووسەرێك سەرچاوەکەی واقیعی خۆی نەبێت، ناتوانێت بەردەوامی بدات بە نووسینەکانی، گەورەترین سەرچاوە واقیعی ژیانە، کە کاری لە سەربکەین زۆربەی سەرچاوەکان ژیانی نووسەرەکە خۆیەتی (عومەر، ٢٠٢، چاوپێکەوتن).

ئەگەر هەندێك نووسەری ژن وەربگرین، کە دەقی شانۆیان نووسیوە، بەدواداچون بۆ ئەو دەقانە بکەین، کە سەرچاوەی دەقە شانۆییەکە لە چی وەرگیراوە، ئەوە چەندین نووسەرمان هەیە، کە سەرچاوەی دەقە شانۆییەکەی لەچەندین بابەت وەرگرتووەو پێیەوە کاریگەربووە .

ژنان هەمیشە لە لایەنی سیاسییەوە بوونەتە قوربانی خاك و نیشتمان زۆرکەم ژنان لە سیاسەتدا لەلایان پیاوانەوە جێگایان کراوەتەوە سەبارەت بە لایەنی سیاسی ژنان لە "پێش بیستەکان بیرو باوەڕی پێشکەوتخوازی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە کوردستان زۆر کزبوو، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی رێگا بە ژنان نەدرێ بێنە ریزی تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەرییەوە،" (غالب، ١٩٧٩، ١٣٥). هەر بۆیە نووسین لە سەر ژنیش پێویستی بە باوەڕو هۆشیاری و خۆناسین و ئامانج روونی لە لایەك بوونی ژنان خۆشیان لەسەر شانۆی ژیان لە لایەکی دیکەوە هەیە، ناتوانین بەشێوەیەکی گشتی باسی پێگەی سیاسی ژنی کورد بکەین، چونکە ژنان لەو سەدەیە رێگایان پێنەدراوە بەشداری کاری سیاسی بکەن، بەڵام لەسەر بنەمای تاکەکەسی ژن هەبووە، جێگەی میرو سەرۆك هۆزی پڕکردۆتەوەو رۆڵی پیاوی لە کاری سیاسی و ئیداریدا گێڕاوە (ئەحمد، ١٩٩٣، ٥٠) کەواتە لەناو هەموو لایەنەکانی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سەرجەم کارە هونەری و  ئەدەبیەکاندا ژنان لەدوای پیاوانەوە بوون. کە ئەمەش زۆر سەختە کە بتوانین بە فراوانی وەک پیاو باسی ژن بکەین.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بەندی سێیەم : هۆکار و پاڵنەری هاتنەکایەی دەقی ژنانە:**

چ هۆکارێك وایکردووە، کە دەقی ژنانە بنووسرێت؟ ئەو هۆکارانە چین، کە بوونەتە پاڵنەر تا ژنان هەڵوێستیان هەبێ؟ کێن ئەوانەی دەقی ژنانە دەنووسن؟ سەرەتا ئەگەر باس لە هۆکارەکان بکەین، هۆکارەکان زۆرن، کە وایان کردووە، چەندین نووسەر دەست بدەنە قەڵەم و دەقی ژنانە بنووسن، چەوساندنەوەی ژنان و پشتگوێخستنی کێشەکانی ژنان، پەرەسەندنی کێشەکانیان، چارەسەرنەکردنیان، هەموو ئەم کێشەو گرفتانەی ژنان وایکردووە، کە هەندێك نووسەر لەنێو ژنان و پیاواندا چیتر ئەم زوڵم و نادادپەروەرییە قەبوڵنەکەن، هەوڵیانداوە لە ڕێگای نووسینی دەقی شانۆییەوە بەرگری لە ماف و ئەرکەکانی ژنان بکەن و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگاو گۆرانکاری لەناو کۆمەڵگا پەیدابوو، ڕۆڵی ژن ئەو گۆرانکاریی و پێشکەوتنە سەرتاسەرییەی کۆمەڵگای کوردی گرتۆتەوە، ئەوانە هەموو وایانکردووە، کە کێشەی ژنان بێتە ناوەوە .

چەوساندنەوەی ژنان، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بەڵام درێژترین و سەخترین چەوسانەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا چەوسانەوەی ژنانە، لە لایان چینی باڵادەستەکان و پیاوی هاوڕەگەزی خۆیەوە. ژنان لە کۆمەڵگادا ڕووبەڕووی چەندین هەلومەرجی نەخوازراو بوونەتەوە، چونکە " کێشەی ژن یان چەوساندنەوەی ژن، یەکێك بووە لەو بابەتانەی، کە سەرنجی نووسەران و ڕۆشنبیرانی ڕاکێشاوە، هەر یەك بەپێی بیر و تێگەیشتن و تێروانینێکی جیاوازەوە، ئەم بابەتەی لە بەرهەمەکانیدا بەرجەستەکردووە، لێرەوە کۆمەڵ هۆشیار بکەنەوە ژن لە دیلی چەوسانەوە ڕزگار بکات،" (عبدولرحمان، ٢٠١٠، ٨٥). چەوسانەوە بەئاشکرا تەنگی بە ژنان هەڵچنیوە. هەر چەندە نووسەر و ڕۆشنبیران ڕۆڵێکی کاریگەریان بینیوە، بەرانبەر بە پشتگیریکردنی ژنان بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام ژنان لە سەردەمێکدا تووشی چەندین کێشە و نایەکسانی بووینە لەلایەن چینی باڵاوە، کە هەموو دەستەڵاتێکیان بۆخۆیان قۆرغ دەکرد، هەروەها ژنان لە مێژوودا زۆرجار وەك مرۆڤ سەیرنەکراون، ئەمە بەدرێژایی مێژوو باس لە چەوسانەوەی ژن کراوە، بەڵام لەگەڵ هاتنی ئیسلام، وێستگەیەکی نوێ لە ژیانی ژن دەستیپێکرد، لە قورئانی پیرۆزدا هیچ جیاکارییەك لەنێوان پیاو و ژن نەکراوە، لەسەر ئەو بنچینەیەی، کە ئەمە پیاوە و ئەوەش ژنە، هەموو گوتارێك، کە ئاڕاستەی نێرینە کراوە، بە هەمان شێوە ئاڕاستەی مێینەش کراوە (ئەڵماس، ٢٠١٦، ٣٤).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(هیگل) سەبارەت بە چەوسانەوەی ژن دەڵێت: "یەکەمین چەوسانەوەی مرۆڤایەتی چەوسانەوەی ژن بووە لەلایەن مێردەکەیەوە، هەر لە سەرەتاکانی دروستبوونی خێزانەوە" (خەلیل، ٢٠١٠، ٩٧). ئەمە رای هیگل بوو، هەروەها هەندێك لە زانایانیتریش پێیانوایە، کەوا لەرووی "زانستی کۆمەڵایەتی سەرەتای سەرهەڵدانی چەوسانەوەی ژن ئەبەنەوە سەردەمی پەیدابوونی ڕژێمی بەندایەتی، لەم سەردەمەدا پیاو بەرهەمهێنەری بنجی و ئەسڵی بووە، لەو کاتەدا ژن بوو، بە دیلی چوار دیواری ماڵەوە، کار و پیشەی زاوزێ و بەخێوکردنی منداڵ و جێبەجێکردنی هەموو کارێکی ناو ماڵ بووە،" (احمد، ١٩٩٠، ١٦). ئەرکەکانی سەر شانی هەردوو ڕەگەز، بەشێوەیەکی گشتی زۆر لێك نزیکن، ژنان لە سەرەتادا هەر لە چوارچێوەی ماڵدا کاریان کردووە، دەرفەتیان نەبووە، کە لە دەرەوە کاربکەن.

پەرەسەندنی کێشەی ژنان: لەبەرئەوەی کیشەی ژنان بە کێشەی کۆمەڵگا دادەنرێت و بریتییە لە هەموو ئەو کێشانەی لەناو کۆمەڵگادا هەنە و ژن تەوەر و بابەتە تیایاندا. کێشەکانی ژنان لەناو کۆمەڵگادا گەلێك زۆرن، سەبارەت بە کێشەکانی ژنان دەتوانین بڵێین بەتەواوی هیچ ئایینێك چارەسەری تەواوی پێنییە، چونکە قۆناغ بەقۆناغ ژیانی کۆمەڵگا گۆرانکاری بەسەردادێت، بەڵام ئەوە سەلمێندراوە، کە هەر پیاو باڵادەستەو ژنیش ژێردەستەی پیاوە، لە ئایینی ئیسلامدا، هەنگاوی گەورە بە بەراورد لەگەڵ ئایینەکانی پێشودا لەسەر کێشەکانی ژن هەڵنراون، ژنان بۆ یەکەمجار لە مێژوودا بەڕوونی مافە ئیداریی و مالی و کۆمەڵایەتییەکانیان پێدراوە، کوشتن و کۆیلەییان لەسەر هەڵگیرا، رێژەیەکی دیاریکراوی لە میراتیان بۆ داندراوە. مافی تەڵاقیان پێدراوە، ڕێگایان پێدرا لە نزیك پیاوەوە لە ئیدارەدا هاوکاری بکات، (قادر، ٢٠٠٩، ٢٣). کاتێك باسی مێژووی ژن دەکرێ، پێویستە لە هاتنی ئایینی ئیسلامەوە دەستپێبکرێ.

کاریگەری سەربەخۆیی ئابووری ژن: یەکێتر لەو هۆکارانە سەربەخۆی ئابوورییە، ژنان سەرەتا خاوەن هیچ یەکەیەکی ئابووری نەبوون، بەڵام ئەمڕۆ بارودۆخی ژنان لە جیهاندا ڕوو لە گەشەو گۆراندایە، ژنان بەشێوەیەك لە کۆمەڵگا، بازار، شوێنی کار، قوتابخانە، زانکۆ، دامودەزگاکان ژنان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە، هەروەها باشکردنی دۆخی ژنان و بێدەنگ نەبوون بەرانبەر بەو ستەمەی بەرانبەریان کراوە، کاتێك ژن سەربەخۆیی ئابووریی دارایی هەبێت، بتوانێت ژیانی خۆی بەڕێوەببات. بەشداریکردنی ژن لەبواری ئابووریدا، وادەکات کە ژنان " لە گۆشەی ماڵ و بەندکراوی نێو چوار دیواری ماڵ رزگاریان ببێ، بۆیان هەیە رەنجبدەن و ئارەقە برێژن و بە حەڵاڵی وەك پیاوان کاسبی بکەن" (بەیاد،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢٠١٣، ٤٦). لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش ژنان بۆیان هەیە، وەکو پیاوان کڕین و فرۆشتن بکەن، بەڵام ئەو کارەی، کە دەیکات دەبێت لەگەڵ سرووشتی خۆی بگونجێ.

پەیدابوونی دەقی ژنانە: هۆکار چیبوو کەوا ژنان و پیاوان دەستبدەنە نووسین بەشێوەیەکی گشتی و، نووسینی دەقی شانۆی ژنانە بەتایبەتی، هەموو ئەو کێشە و گرفتانە هۆکاربوون، کە نووسەرانی هەردوو رەگەز دەستبدەنە قەڵەم و دەربارەی ژنان بنووسن، چونکە سەرەتا پیاوان لەسەر کێشەکانی ژنیان نووسیوە، بەڵام بەگشتی نەیانتوانیوە بەتەواوی کێشەکانیان چارەسەربکەن و کێشەکان هەر بە ناتەواوی ماونەتەوە. بۆیە ژنان شانبەشانی پیاوان هاتنە ناو بواری نووسین و هەوڵیاندا ئەو کێشانەی، کە رووبەڕووی ژنان دەبێتەوە چارەسەریان بکەن. لە رێگای نووسین پشتگیری لە مافی ژنان بکەن، دواتر کۆمەڵێك ژنی بەتوانا دەرکەوتن، کە هەوڵێکی زۆریاندا بۆ داهاتوو، بەڵام سەرەرای دامەزراندنی دەیان و سەدان رێکخراوی ژنان و پشتگیرییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان کاردەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا ئەو کێشەیە لە جیهاندا بە هەڵبەستراوی ماوەتەوە و چارەسەری یەکجارەکی بۆنەکراوە، زۆربەی ژنان لە بارودۆخێکی زۆر دواکەوتوودا دەژین (مەلاعەلی، ٢٠١٢، ٧). بەشێوەیەکی گشتی ژنان لە تەواوی جیهاندا ئازاد نەبوونە، بەڵام لە هەندێك کۆمەڵگادا ژنانی بە توانا دەرکەوتوون و ناوبانگی زۆریان لە جیهاندا پەیداکردووە.

بۆ نموونە شانۆی شەوێك لە ژیانی خانزاد، نووسینی (حەمە کریم هەورامی) لەم دەقە شانۆییەدا نووسەر نەك هەر لە ناوەرۆکی شانۆکەدا، کە باسی ژنێکی ئازا دەکات و، بگرە دەقە شانۆییەکەش هەر بە ناوی ژنەوەیە، ئەمەش هەنگاوێکی باشە، بۆ ئەوەی ژنان بێنە ناو ئەم بوارانە. ئەم شانۆگەرییە لە یەکێك لە ژنە قارەمان و هەڵکەوتووەکانی کورد دەدوێت، کە لە هەرێمێکی کوردستاندا هەر بە وێنەی میرە ئازاو نەبەردەکان فەرمانرەوایی گرتووتە دەست، نووسەر لە یەك شەوی ژیانی ئەو ژنەدا (واتە خانزاد) دەوروبەرەکەی بە باش و خراپیانەوە نیشاندەدات و کرۆکی مەبەستی خۆی دەگەیەنێت (بەرزنجی، ٢٠٠٥، ١٠٥). چیرۆکی خانزاد لە رووداوی مێژووی کوردەوە هاتووە، پاڵەوانەکانی لە گەرمەی خەباتی چیرۆکەکەوە لەناو رووداوەکانیەوە هاتوونەتە مەیدانەوە، هەریەکێکیان گیرۆدەی هیواو ئامانجێکی تایبەتی خۆیانن، لەناو کۆمەڵێکی سەرلێشواو و سەرگەرداندا، بەڵام هەموویان لە یەك شت یەکدەگرنەوە، ئەویش چەوسانەوە و هەستکردنە بە تێکەو لێکەی ژیان، لە کۆتایدا ناپاکەکان بە سزای خۆیان دەگەن، هەرچەندە چەندین کەسی بێتاوان دەبنە قوربانی... ( رەمەزان، ١٩٧٣، ٧).

هەروەها شانۆی (خانزادێکی تر) نووسینی (تەلعەت سامان) ئەم دەقە شانۆییە، باسی دوو خۆشەویست دەکات، خانزاد و لەشکری، سەرەتا بە شێوەیەکی چاوەڕوانی دەست پێدەکات، کە کچەکە چاوەڕێی کورەکە دەکات بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، هەروەکو خانزاد دەڵێ " نە. هەر. دێ. ئەمجارە. هەردێ. دڵنیام... سێ شەوە بڕیارە بێیت ئەگەر ئەجارە نەهاتی.. بە توندی خۆم دەزانم چی دەکەم... (سامان، ٢٠٠٨، ٤٦). ئەم دەقە شانۆیە، کە نووسراوە، نووسەر باس لە ژیانی کچێك دەکات لەگەڵ کورێك بە هەمان هاوشێوەی (خانزادی سۆران) ئەم دوو کەسە خۆشەویستی یەکترەن، بەڵام بەهۆی هەڵەداچوونێك کچەکە دەیەوێت کورەکە بکوژێ، بەڵام لەناو دەقە شانۆییەکەدا تارمایەك پەیدا دەبێت، کە ئەویش خانزادی سۆرانە، پێدەڵێ " خوشکە بچکۆڵکەم. پێت دەڵێم، وەك من مەکە. وەك منت لێ دێ.. " (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥٠). ئەم دەقە شانۆییە ڕووداوێکی مێژووییە، کە لە سەردەمانێکدا خانزادی سۆران بە هەڵە لەشکری دەکوژێ، دواتر پەشیمان دەبێتەوە، ئەوەی لێرە گرنگە ئەوەیە، نووسەر بە شێوەیەکی ئازایانە باسی ژنی کردووە، لەو سەردەمەدا، بەشێوەیەك لەناو دەقەکاندا ڕەنگیداوەتەوە. دەکرێ بڵێین بۆ یەکمینجاریش لە شانۆی کوردی دیاردەی بە پاڵەوانی ژن دەرکەوت، ئەویش سەرەتا لە شانۆگەری (خانزادێکی تر)ی (تەلعەت سامان)ە نووسەر لەم تێکستەدا "پرسێکی یەکجار گەورە و قوڵ دەجوڵێنێت، ئەویش چەمکی خۆشەویستی و رقە، چەمکی خۆشەویستی دەهێنێتە پێشەوەو رق و تۆڵە ریسوا دەکات و مرۆڤ بە سروشتە خۆڕسکەکەی دەبەستێتەوە، کە خۆشەویستییە وەك وێنەیەکی راستەقینە نیشانیدەدات و رق و تۆڵەش وەك خەیاڵێکی ساختە وێنا دەکات، کە دەبێ لە مێشکماندا بیسڕینەوە " (عەزیز، ٢٠٢١، ٤٥٥).

## ئەنجامەکان:

1. لەدوای ساڵانی حەفتا بۆ هەشتا ژنان بەشێوەیەکی ئازادانە و سەربەستانە توانیویانە گوزارشت لە ماف و کێشەی ڕەواکانی خۆیان بکەن بەتایبەت لە دوای راپەرین بەشداری کردنی ژنان هەنگاوێک بوو بۆ کردنەوەی دەرگاییەکی فراوان لە شانۆدا بەشێوەیەکی گشتی، بەتایبەتیش نووسینی ژنانە.

2.لەسەرەتای دەستپێکردنی شانۆ لە باشووری کوردستان هەتاکو ساڵانی حەفتاکان زۆر بەکەمی نووسینی ژنانە بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لەم مێژووە بەدواوە ژنان هەوڵیانداوە دەست بدەنە نووسین و بەتایبەت چەند نووسەرێك ڕۆڵێکی زۆریان هەبووە بۆ نووسینی دەقی شانۆی ژنان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3.نوسینی دەقی شانۆی ژنانە لەنێو شانۆی کوردیدا تایبەت نییە بە ڕەگەزێکەوە، بەڵکو لەلایەن هەردوو ڕەگەزەوە دەنوسرێت.

4. بە شێوەیەکی گشتی ناتوانم بڵێن کە دەقی کوردی هەمیشە لە خزمەت ژندابووە. بە قەدەر ئەوەی ئەتوانن بڵێن چەمکێکی هەبووە، لەوەی کە ژن بوونی هەبێ لەناو دەقەکانەوە.

5.لەنێو شانۆی کوردیدا چەندین دەقی شانۆی ژنانەمان بەرچاو دەکەوێت، کە باس لە کێشە و نەهامەتیبیەکانی ژنی کورد دەکەن.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بەزمانی کوردی

### کتێبەکان

احمد، فؤاد حسين، ١٩٩٠، ئافرەت لە هۆنراوەی کوردی دا، مطبعة الجاحظ، بغداد.

احمد، عوسمان خوا ڕەحیم، شکور عەدنان حمە، ٢٠٠٨، فرەژنی لە نێوان شەریعەتی ئیسلام و یاسادا، ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفسێتی پەیڤ، سلێمانی.

بەیاد، شفیق، ٢٠١٣، ئافرەت تەرازوی ژیانە، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

جامی، نیهاد، ٢٠١٥، شانۆی فێمێنیستی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای جمال عیرفان، سلێمانی.

حاجی، مغدید، ١٩٨٩، ئافرەت لە شانۆی کوردی، چاپخانەی الجاحظ، بەغدا.

حەمەلاو، خالید عبدالكريم، ٢٠١٠، مەهاباد قەرەداغی لە فێمینیزمەوە تا هیومانیزم – چاوپێکەوتن، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

الرباتی، ابراهیم طاهر معروف، ٢٠٠٩، ئافرەت لە مێژوودا، چاپی دووەم، چاپخانەی بەیروت- لوبنان.

سدیق، ئارام، ٢٠٠٧، دۆزی ژن و هەزارەی نوێ چەندین بابەتێك لە مەر دۆزی ژنی کورد چاپی دووەم، سلێمانی.

سمۆ، ئیبراهیم ئەحمەد، ٢٠٠٧، شانۆی کوردی لە نێوان دەقی خۆماڵی و بیانیدا، چاپخانەی تیشك، سلێمانی .

عبدالفتاح، سید صدیق، ٢٠٠٧، ژن .. لە وتەی فەیلەسوف و ناوداراندا، وەرگێڕ: عەلی، کەمال، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی .

عبدالمجید، ئاڵا دارا، ٢٠١٩، ئافرەت لە دیدەی مەلای گەورەوە، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.

عبدولمەقسوود، محەمەد، ٢٠١١، وەرگێڕ: عەبدوڵلا، حەیدەر، ژن لە ئایین و چاخە جیاوازەکاندا، کتێبخانەی حاجی قادر کۆیی، هەولێر.

عەبدوڵا، ئەڤین ئاسۆس حەمە، ٢٠١٨، فیمینیزم لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی.

عەزیز، حەمە سوار، ٢٠٢١، ئێستاتیکای تاریکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران .

غالب، صەباح، ١٩٧٩، ئافرەت لە چیرۆکی کوردی دا (١٩٢٥- ١٩٧٠)، مطبعة الجاحظ، بغداد.

قادر، سەرۆ، ٢٠٠٩، ئافرەت کێشەیەك بەدرێژایی مێژوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

میسری، فوئاد مەجید، ٢٠١٢، شانۆگەری خەج و سیامەند، چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

مەلا عەلی، دلپاك جبار، ٢٠١٢، مێژووی ژن و هەوڵدانێك بۆ داهاتوو، چاپی یەکەم، سلێمانی .

هەورامی، حەمە کریم، ٢٠٠١، درامای کوردی لە ناو درامای جیهاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر .

ئیمام، ئیمام عەبدولفتاح، ٢٠٠٤، جۆن لۆك و ئافرەت، تێڕوانینێك لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، چاپی یەکەم، وەرگێڕ: عبدولخالق، ئەژین، دەزگای ڕێبین بۆ چاپ و پەخشی کتێب .

**گۆڤارەکان:**

حوسێن، شۆرش محەمەد، ٢٠٠١، وەهمی شانۆی کوردی، گۆڤاری سینەماو شانۆ چاپخانەی رۆشنبیری، ژمارە (٩).

سابیر، جەبار، ٢٠٠٨، ئەدەبیاتی ژنانەو پیاوانە، گۆڤاری نەوشەفەق، چاپخانەی دەزگای ئاراس ژمارە (٥٣) هەولێر.

عەزیز، حەمە سوار، ٢٠١٣، چەند دێرێك بەدوای نمایشی (قەقنەس)ی گەزیزە، گۆڤاری شانۆکار ژمارە (٥)، گۆڤارێکی شانۆیەی وەرزییە، شانۆیی ئەزموونگەری کەرکوك دەری دەکات.

مەلەفی هاوڕێیانی گەزیزە، ٢٠٠٩، گۆڤاری شانۆکار، گۆڤارێکی شانۆییە، شانۆیی ئەزموونگەری کەرکوك دەری دەکات، ژمارە(٥).

هەردی، چۆمان، ٢٠١٢، فێمینیزم چییە، ئامانجەکانی چین و ئایە سەرکەوتووبووە لە بەدەستهێنانیاندا، گۆڤاری سەردەمی ژن، ژمارە (١).

ئەڵماس، هەڵاڵە محەممەد، ٢٠١٦، سەیرکردنی پێگەی ئافرەت بە دروستی، گۆڤاری خاڵ ژمارە (٦).

**ڕۆژنامە :**

عومەر، گەزیزە، ٢٠٢١، رۆژنامەیەکی رۆژانەی دووەمین ڤیستیڤاڵی شانۆی کەرکوك.

**نامە ئەکادیمییەکان:**

خلیل، سمیە نەجیب، ٢٠١٠، ئافرەت لە ڕۆمانی ئافرەتانی کورد دا (٢٠٠٠- ٢٠٠٩) ، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.

ساڵح، ساکار ئەکرەم حەمە، ٢٠٢١، وێنەی ژن لە ڕۆمای ژنانەی کوردی کرمانجی خواروو، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.

عەبدولرحمان، ناهیدە حوسێن، ٢٠١٠، لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە چیرۆکەکانی (حەسەنی قزڵجی)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین .

عەزیز، کەیفی محەمەد، ٢٠٠٩، ڕەخنەی دراما لە ڕۆژنامەنوویی کوردیدا ( باشوری کوردستان ١٩٧٠-١٩٩١)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین.

**دووەم: بەزمانی عەرەبی**

**کتێب**

احمد، فؤاد الاهوانی، 1991، افلاطون، النشار دار المعارف، الطبعة الربعة، القاهرة.

امام، امام عبدالفتاح، 1996، الفيلسوف المسيحي والمراة، الطبعة الأولى، مكتبة مبدولى الكويت.

السباعى، مصطفى، 2010، المراة بين فقه القانون، الدار السلام، الطبعة الرابعة.

عباس، عبد الهادى، 1987م، المرأة والأسرة فى حضارات الشعوب وأنظمتها، د.م، دار طلال، 3 أجزاء .

المنياوى، احمد، 2010. الجمهورية الافلاطون/ المدينة الفاضلة كما تصورها في فيلسوف الفلاسفة، الطبعة الاولى، دار الكتاب العربى، دمشق- القاهرة .

**نامەی ئەکادیمی:**

منها، أحمد سلمان، 2007، المراة شعر الصعاليك في الجاهلية والأسلام، رصالة ماجيستر، في جامعة غزة.

**مجلة :**

بورجلة، نوال، 2017، مكانة المراة في الحضارات، مجلة العلوم الانسانية و الاجتماعية، العدد (31)، جامعة الجزائر.

المناصرة، حسين، 2010، هل هناك كتابة النسوية، مجلة انزياحات، عدد 4، اليمن.

**ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:**

موحەمەد، سمکۆ، ئەدەبی ژنان، ئەدەبی جیاوازی و هەژاری و ڕەگەزی، ٢٠٢٠ http://cultureproject.org.uk/kurdish/women-literature-smko-mohamed/

علي، عواد، ٢٠١٦/١١/٤، مسرح نسائي.. مسرح نسوي http://alarab.co.uk

**چاوپێکەوتن :**

چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەڕێز گەزیزە عومەر، نووسەر و شانۆکار، لە هۆڵی ڕۆشنبیری، سلێمانی، بەرواری ٢٠٢٢/٢/١، کاتژمێر ١٠ بەیانی.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەرێز دڵشاد حسێن، نووسەر، لە سەندیکای هونەرمەندان، سلێمانی، بەرواری ٢٠٢٢/٣/١٣، کاتژمێر ١١ بەیانی.

## Text Of Women's Theater in Kurdish Theatre

**Hawnaz Hussein Ismail Ahmad**
Department of Kurdish Language, Faculty of Education, koya university, koya, Kurdistan Region
hawnazhussein91@gmail.com

**Asst. Prof. Dr. Kaify Ahmad Abdulqader**
Department of Kurdish Language, Faculty of Education, koya university, koya, Kurdistan Region
Kaify.ahmad@koyauniversity.org

***Keywords****: Women, Womanly, Feminist, Women's Theater, Women's Writing.*

## Abstract

The situations in which women have lived in ancient centuries and past civilizations are not hidden from anyone, which is full of suffering and misery. Women have always faced many problems and difficulties; women's theater has an impact on the creation and production of human thoughts, and After the 1970s, a group of women played a significant role in writing literary articles, while initially women had been deprived of all rights and duties. Women's participation in all literary subjects and other aspects has been generally low. If we look at the difference between the writing of women's and men's theatrical texts we find that most of the theatrical texts, especially in Kurdistan, are generally male theater. From the very beginning of theater, men have been the leaders in writing, directing, the way of managing it. Therefore, they have paid less attention to women's problems, sufferings, difficulties and opinions, which express women and their thoughts. The research is entitled "Women's Theater Texts in Kurdish Theater" and consists of an introduction, two parts and a conclusion, each part consisting of several topics.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ملخص:**

من الواضح أن الظروف التي عاشت فيها المرأة في العصور المنصرمة وفي الحضارات القديمة كانت مليئة بالمآزق والمشكلات والمآسي. وقد واجهت المرأة عدة مشكلات دوماً، وللمسرح النسوي تأثير على خلق وانتاج الفكر البشري، وبعد سبعينات القرن الماضي ظهرت مجموعة من النسوة كانت لهن دور بارز في مجال الكتابة الأدبية، بعد كونها مهمشة ومحرومة من كل واجباتها وحقوقها .ولو نظرنا إلى المسرحية الرجولية والنسوية وقارننا بينهما لوجدنا الفرق الشاسع بينهما، واتضح لنا أن النصوص المكتوبة أكثرها رجولي خصوصاً في كوردستان، إذاً منذ ظهور المسرحية كانت الريادة والأسبقية للرجال لذا كانت المسرحية رجولياً وابتعدت عن أفكار المرأة ومعاناتها، ولم تعبر عن أحاسيس المرأة ومشاعرها .هذه الدراسة الموسومة ب" نصوص المسرحية النسوية في المسرحية الكوردية " مكونة من فصلين، وملحقة بالنتائج التي وصلت إليها الدراسة، وكل فصل مكون من عدة مباحث .